# بەشێک لەو نامەیەی کە مارکس بۆ جینی هاوسەری ناردووە

وەرگێرانی لە عەرەبییەوە
مەحموود محەمەد عوسمان



ئەمە بەشێکە لەو نامەییەی کە مارکس بۆ جینی هاوسەری ناردووە ، جینی و هەر سێ کچەکەی لە سەردانێکی بۆ ماڵی باوکی لە ئەڵمانیا ، مارکسیان بەتەنها جێهێشتبوو . مارکس لەگەڵ خێزانەکەیدا لە ئینگلتەرا ئەژیا وەک کۆچەرێک و لە بارو دۆخێکی زۆر دژوار و سەخت ژیانی بەسەر ئەبرد . مارکس جینیی هاوسەری زۆر خۆشئەویست کە باشترین پشت وپەنای بوو، چی لە خەبات و چی لە کاری پراکتیکدا .

خۆشەویستی دڵەکەم .
واجارێکی تر من بۆت ئەنووسم،
چونکە تەنهام و شەرم دام ئەگرێ بە بەردەوامی لە خەیاڵدا گفتوگۆت لەگەڵ بکەم ،
بەبێ ئەوەی بزانیت یان گوێت لە شتێک بێت کە لەگەڵت ئەدوێم .
و ناتوانی وەڵامم بدەیتەوە .
لە پێش چاومی ،
لە سەر دەستم هەڵتئەگرم و لەسەرتەوە هەتا پات ماچ ئەکەم
لەبەردمتا کرنۆش ئەبەم وئەگریم ..
چونکە خۆشتم ئەوێ ...
لە راستیدا من لە خۆشەویستی مەغربیەک بۆ تفەنگ ( مەبەستی عطیل ، شانۆگەرییەکەی شەکسپیرە ) زۆرتر خۆشتم ئەوێ ، کەسی نالەبار و بەد ، هەموو سیفەتەکان بە پیس و بۆگەن دا ئەنا ،ئەوانەی کە ناوبانگم ئەشێوێنن و ئەو دوژمنانەم کە خاوەنی زمانی مارن ، کە جارێکیان تاوانی خستە پاڵم گوایە من توانام هەیە رۆلی عاشقی یەکەم ببینم لە شانۆگەرییەکی پلە دوو ؟ بەڵام راستییەکەی ئەوەیە ، ئەگەر ئەو نالەبارانە تۆسقاڵێک هۆشیان هەبووایە رەسمی ( پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و گۆرینەوەیان ) ئەکرد لەلایەک ، و لەدیوەکەیتری رسمی منیان ئەکرد لای پێتدا ، و لەسەر ئەو پارچە وەرقە ئەیانووسی : سەیری ئەم وێنەیە بکەن و پاشان بۆ وێنەیەکی تر ،بەڵام ئەوان گەمژەن و هەر بەگەمژەی ئەمێنن هەتا دونیا دونیایە .

دووری هەنووکەیی باشە بۆ جیاوازی کردنی شتەکان کە لەیەک ئەچن لەکاتی ئامادەبوونیان ، باڵەخانەکان بچوک دیارن لە نزیکەوە ،بەڵام شتە بچوک وئاسییەکان وردە وردە پەرەئەسێنێ لە کاتی چاودێریکردنیان لە نزیکەوە . سۆزەکانیش هەروایە ، سۆزە گەورەکانیش کە وەک داب و نەریتی بچوک لەنزیکەوە دەر ئەکەوێ ، پەرەئەسێنی و قەوارە سروشتییەکەی خۆی دووبارە وەرئەگرێ بە کارتێکردنی سحری دووری . بەم شێوەیشە باری خۆشەویسیم، ئەوە بەسە کە تەنها وەک شوێن لە منەوە دووری ، بزانە کات خزمەتی کرد چۆن خۆر و باران خزمەتی روەک ئەکەن ، یەعنی پەرەسەندن .
لە کاتی دوورکەوتنەوەت بە شێوە راستییەکەی خۆشەویستی من دەرئەکەوێ بۆت ، وەک بڵندێک کە هەموو وزەکانی هۆشم و تایبەندمەندییەکانی دڵمی لەسەری وەستاوە ، جارێکی تر هەست ئەکەم کە پیاوم ، چونکە هەست بە سۆزە گەورەکان ئەکەم .
دڵەکەم ، بزە ئەکەوێتە سەر لێوت و پرسیار ئەکەی چۆن لەناکاو ئەم هەموو زمان پاراوەم بۆ دێ ؟ بەڵام ئەگەر بتوانم دڵە پاکە جوانەکەت بنەمە سەر دڵم ، بێدەنگ ئەبوویت و وشەیەکت بە زاردا نە ئەهات . و لەبەر ئەوەی ناتوانم ماچت بکەم ...ناچارم قسە بکەم . لە راستیدا کچانی دونیا زۆرن و هەندێکیان جوانن ، بەڵام لە کوێ روخسارێک ببینم کە لەهەر بەشێکی جوانترین و نایابترین بیرەوەریەکانم پێ ئەبەخشێ لە ژیاندا ؟ تەنانەت ئازارەکانم کە لەژمارە نایەن و لەدەستچووەکانم کە لە بژاردن نایەت لە بوونی جوانیتدا ئەیخوێنمەوە و بە ماچ ئازارم دوور ئەخەمەوە ، کە ماچی روخسارە جوانەکەت ئەکەم .

تادیدار ئەی دڵەکەم و هەزار ماچ بۆ تۆ و مناڵەکان

کارل مارکس 21 – 6– 1856
لە ئەرشیفی مارکسی ئەم نامەم دەرکردووە